ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**لۆگۆی ئاودی ( فۆتۆشۆپ ) ...**

نووسەر: Hawkar Shwan

@: HawkarShwan@Gmail.Com

1. پەڕەیەکی نوێ بکەرەوە

2. چینێکی نوێ درووست بکە.

3. بە ئامڕازی دیاری کردنی بازنەیی بازنەیەک بکێشە لە هەمان کاتدا پەنجە بنێ بە Shift لەسەر تەختە کلیلەکەی بەردەمت تاوەکو بازنەیەکی ڕێک دەرچێت وە بە ئامڕازی ڕەنگ کردن ناو بازنەکە ڕەنگ بکە:



4. Ctrl +D داگرە تا دیاری کردنەکە لابچێت.

5. بە هەمان ئامڕازی دیاکری کردنی بازنەیی بازنەیەکی تری بچووک بکێشە لە ناو بازنە گەورەکە و پەنجە بنێ بە Delete و پاشانیش Ctrl + D :



6. لە لیستەی Layer >> Layer Style >> Gardient overlay هەڵبژێرە و چاو لە وێنەکە بکە بۆ نرخەکان و کردارەکان :






7. هەر لە هەمان پەنجەرەدا Bevel and emboss دەست نیشان بکە و تەماشای وێنەکە بکە بۆ نرخەکان :




8. وێنەکە بەم شێوەیە دەبێت دوای کردارەکان :



9.لەسەر چینەکە کلیکی لای ڕاست بکەو Duplicate this layer هەڵبژێرە ، ئێستا هەمان شێوەی چینەکەمان بۆ دەرچووە بەڵام دیار نیە بۆیە دەبێت لە خشتەی ئامرازەکاندا ئەم ئامرازە  هەڵبژێریت و پاشان بە ماوسەکەت یان بە نیشانەی لای ڕاست لەسەر تەختە کلیلەکەت ڕایکێشە بۆ لای ڕاست :

10.بگەڕێوە بۆ چینی سەرەتا و دیاری بکە (کرتە بکە سەری و لە هەمان کاتدا Shift داگرە) :



11.ئامرازی دیاری کردنی بازنەیی هەڵبژێرە و لەسەرەوە Subtract from selection دەست نیشان بکە وەک لە وێنەکەدا ئاماژەی پێ دراوە :



12. بازنەیەک بکێشە لە شوێنی بەیەکگەیشتنی هەردوو بازنەکە لە خوارەوە و پاشان پەنجە بنێ بە کلیلی Delete:



13. پاشان بە هەمان شێوە خاڵی 9 دووبارە بکەرەوە دوو جار .

14. وێنەی کۆتایی بەم شێوەیە دەبێت :




کـــــــۆتـــــــایـــــــی

Make Your Donation Today
Help Rebuild Lives & Communities in Hurricane Affected States.
آگهی های سرویس عمومی گوگل تبلیغات در این سایت